

حەسیب قەرەداخی لە زکری جەهردا

بوشرا کەسنەزانی

بەخوێندنەوەی سەرجەم شیعرەکانی حەسیب قەرەداغی، هەست بە دیتنی دونیای جۆراوجۆر دەکەین، کە ڕەنگاڵەیی دەبەخشێتە زەین و دەرفەتی وەستانت نادات لەسەر تەوەرەیەك، بەڵام بەورد ڕوانین، یەکێك لە تەوەرەکان ناچارت دەکات بۆ سەرنجدان و خودی خۆی بانگهێشتی لێڕوانینت دەکات بەهۆی فرە دەرکەوتنیەوە، کە وەك سیمایەکی پارچەپارچەبوو لە سەرجەم بەشەکانیدا دەردەکەوێت و سەرەنجام وەك پارێکی گەورە دەبێتە هۆی گەلاڵەکردنی ڕوانینێکی ڕەخنەئامێز لەسەر چییەتی (ماهیەتی) خۆیی و هانتدەدات بۆ بیرلێکردنەوەو پرسیارکردن تا بەرەو راڤەت کێشبکات. ئەم تەوەرە دیارەش بیری سۆفیزمە لە هۆنراوەکانیدا بەشێوەو سیمای جوداوە کە خۆی دەبینێتەوە لە ئامادەبوونی زاراوەیی و ئامادەبوونی ڕەچەڵەکی بیرو فیکری و هاتنەوەی لە شێوەی نائاگاییدا. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین بەسەرنج و ڕوانین لە شیعرەکانی و لەژێر ڕووناکیی چەند خاڵێکی ژیانیدا بگەڕێین بۆ ئەو بیرە سۆفیزمەو هۆکارەکانی پیشان بدەین.

حەسیب قەرەداغی گەلێك جار لە شیعرەکانیداو لە بازنەی سۆفیگەریدا بەشێوەی جیاواز خۆی دەنوێنێ، کە دەشێ زۆر جار لە نائاگاییو دووفاقییەوە بێت، بەجۆرێك لە هەندێك جێدا سۆفییەکی تەواوەو هیچی لە مەحوی کەمترنییە، لە هەندێك شوێنی تردا دوودڵیو ئاشوفتەیی بەرۆکی دەروونی شاعیر دەگرێتو کلاسیزمئاسا لە پارچە شیعرێکدا گرفتاری عیشقی خوداو یارەو ناتوانێ دەستبەرداری کەسیان ببێت، دواجار لە شوێنگەلێکیشدا زاراوەی سۆفیزم بۆ بابەتی دڵداریو دەستبازی دێنێتە گۆڕێ. لە هەریەك لەم قۆناغانەدا شاعیر دەنگی جودا دەردەکەوێتو سەرەنجام لە کۆشیعرەکانیدا ئاوێتەبوونی دەنگی ئاوازێکی عیرفانی دەخولقێنێت.

لەو هۆنراوانەیدا کە وشەگەلی سۆفیزمی تێدایە، وشەکان دەبنە گوزارشتکەری حاڵیو هاوکاریی دەکەن لە پەرەسەندنو چڕبوونەوەی تێکستو گەیشتن بەلوتکەی بیر، لە هەندێك شوێندا ئەو زاراوانە دەبنە هۆی چەواشەکردنی خوێنەرو وەك ئاستەنگێك دەبنە ڕێگر لە بەردەم ناسینەوەی دەقدا بۆ پۆلێنکردنی، ئەمەش هەر ئەو وشانەیە کە دەمامکئاسا ڕوخساری شیعر دەگۆڕن، یاخود ئەو زاراوانەی کە ئاوێزەئاسا جۆراوجۆری بەشیعر دەبەخشن، نمونەی ئەو زاراوانە (تور، ئەلەست، تەجەلا، دەروێش، دەف، مەی، حەلاج، زیکر، خەرابات، وێرد، خەڵوەت...) بەدەر لەمانە زاراوەگەلی دیکەی ئاینی وەك (میحراب، نوێژ، سوجدە، بەحری عیسیان، گوناه...). لەم پلەیەدا شاعیر بێسنوور وشە بەکاردێنی لە پارچە جۆراو جۆرو لە سەردەمی ئایدیاو بیرە جیاوازەکانیدا بیری خۆی پێ دەردەخات، ئەم زاراوەکاریانە بەجۆرێك پەرەدەسەنێت کە شیعرەکانی سەردەمی حیزبایەتیشی دەتەنێتەوە، پێدەچێت ئەمانەی زیاتر لە نائاگاییەوە بێت وەك لە ئاگایی. پێداگریمان لەسەر ئەم نائاگاییە بەهۆی پاڵپشتیی ئەو باکگراوەندە عیرفانییەوەیە کە شاعیر لە گوند تێیدا ژیاوە، دواترو پاش دابڕانی لە کەشی گوندو ئاوێتەبوونی بەجیهانی فیکر لە فەزای جەنجاڵی شاردا، بەبێ مەبەستو زۆر لەخۆکردن ئەو وێنانە دەترازێتە نێو هۆنراوەکانییەوەو بەجۆرێك لە جۆرەکان دەبێتە نیشاندەری پەیوەستی ڕۆحی ئەو بەو فەزایەوە.

ئەو فەزایەی شاعیر چاوی تێدا هەڵهێناوە، فەزاو کەشێکی ئاینیو عیرفانی بووەو بەو پێیەی خۆی لە بنەماڵەی شێخانی مەردۆخی بووە، گوندەکەشیان (سۆڵەی چرچە قەڵا) جێگەو پێگەی شێخانی وەك (شێخی قامچی ڕەشبووە)1، بۆتە هۆی ئەوەی هەر لە منداڵییەوە نەك تەنها وەك بینەر، بەڵکو وەك تاکێکی ئەو کۆمەڵو خانەوادەیە بەهۆی چەندەها جار دیتنیانەوە (ئەگەر کەیفیشی پێیان نەیەت) لە نائاگاییدا بچەسپێت، کاتێك بەرەو شار دەچێتو ڕەها دەبێت لەو کەشە دەروێشیو ئایینییەو دەست دەداتەوە قەڵەم، ئەم وێنانە دێنەوە بەر دیدەی، چونکە ئەوەی شاعیری فێری ناسکیو سۆز کرد ئەو کەشەبوو کە زانستو حیکمەتی شاعیرانو ئەدەبیاتی کلاسیزمی تێداوەرگرت، بەهۆی ئەو کۆڕو دانیشتنانەی نێو جێگەو شوێنە ئاینییەکانی وەك تەکیەو دیوەخان (وەك لە پێشەکیی دیوانەکەیدا هاتووە) کە بۆتە هۆی ئاشنابوونی گوێی بەدەنگو ترپەو ئیقاعی زیکر، بەحیکمەتو بەهای ئەدەبی عیرفانی دونیای ڕۆژهەڵات، لە ڕێگای وەرگرتنی ئەمانەوە وەك بناغەیەك توانی ڕۆشنبیریی خۆی بوونیاد بنێت، دواترو دوای گەڕانەوەی بۆ گوند، شاعیر ساڵی 1951 بە تەمەنێكو ئاستێکی دیکەی ڕۆشنبیرییەوە بەشێوەیەکی قووڵتر سەرنج لەو کەشە ئاینییە دەدات تا تێکەڵی دەبێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بۆتە مامۆستای شێخزادەکانو لەو ڕێگایەوە بەهۆی زیاتر وردبوونەوەوە جارێکی دی بە ڕۆچوونێکی پتەوترەوە تێکەڵ بە دونیای دەروێشیو خواپەرستی دەبێت، وەك خۆی دەڵێت:(کتێبە گەورەکانی شەرعو سەرفو نەحو، فەلسەفەکانی غەزالی، باوەڕەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ژیانیان گرتمەوە)2. ڕەنگە چانسی شاعیر لەم نێوەندەدا ئەوە بێت کە مەعریفەی شاعیرانی کلاسیزمی لە کەشێکی سروشتیی ئاینی سۆفیزمدا وەرگرتو لە شاردا ئاشنای ئەدەبیاتی نوێ بوو، لە هەموو تەمەنیدا بە ئاوێتەبوونێکی هەمیشەیی لە ڕووی بیرو شێوازو فۆرمی نووسینەوە، لە ڕووی ئایدیاو بیرەوە بووە هۆی دڕدۆنگبوونی لەئاست دوو دونیای جیاوازدا، کە تا کۆتایی نەیتوانی دەستبەرداری هیچیان ببێت.

ئەوەی ئێمە لەم پلەیەیدا باسی دەکەین نە قووڵبوونەوەی شاعیرە بە عیرفانداو نە جیهانبینیی عیرفانییە، بەڵکو ئەو زاراوە سۆفیزمانەیە کە لە بەیتێکدا دەلالەت لە شتێك دەکەن کە پەیوەندیی بە سۆفیزمەوە نییە، بەڵکو نیشاندەری ئەو پنتە پەنهانەیە کە شاعیر بەجیهانێکەوە دەبەستێت، گەلێك جار دوورە لە سیاقی تێکستەکەوە.

لە کۆی شیعرەکانیدا زیاتر لە هەر وشەیەکی سۆفیزم وشەکانی پەیوەست بەحەلاجەوە ئامادەیی هەیەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرسامبوونەی بە کەسێتیو گوتاری حەلاجەوە، نەك تەنها وەرگرتنی لە کورتترین پێناسەی (سۆفیەکی گەورەبوو لەسەر وتنی اناالحق لەسێدارە درا)، بەڵکو بەشوناسێکی قووڵەوە ڕۆچۆتە زەینییەوەو لە شێوەی کەسایەتییەکی عارفی دژە دەسەڵاتی شەرعیو لەلایەکی ترەوە مەسیحئاسا لێی دەڕوانێتو بە سیمبوولی حەقدۆستیو خۆبەختکردن لە پێناوی سەرکەوتنو بیرو لایەنی حەق دایدەنێت. حەلاج لای حەسیب قەرەداخی وێنەیەکە لە سەردەمە جیاوازەکاندا لە فۆرمی تردا خۆی دەردەخاتو ناکۆتا دووبارە دەبێتەوە، نەك هەر ئەمە بەڵکو لە واتایەکی کۆنکرێتییەوە دەیخاتە نێو خەرمانەیەك لە بیری تۆپەڵبووی بارگاوی بەئایدیاو فیکرە جوداو دژەکانییەوەو وەك نوێنەری هەموویان نیشانی دەدات، هەر ئەمەشە وایکردووەو شەگەلی (مەنسور، حەلاج، اناالحق) لە کۆی بەرهەمەکانیدا زیاتر لە (37) جار دووبارە ببێتەوە، ئەمەش مانای ئامادەبوونی ئەندێشەی عیرفانییە لە زەینییەتی شاعیردا (ئاگایی، نائاگایی) کە دەخوازێت لە قۆناغی یەکەمدا لە بازنەی جیهانبینیو فەزای وێنە زەینیەکاندا بخەملێو لە قۆناغی دواتردا وەربگێڕێ بۆ زمان، بەواتایەکی تر شاعیر دەبێ خاوەن باکگراوندێکی ئەندێشەیی عیرفانی بێت تا بتوانێت گەمە لە زماندا بکات.[3]

ئەم ئامادەبوونی وێنانە وایکردووە لە گەمە زمانییەکاندا توانای خۆی دەربخات، چونکە پاش ژیان لە کەشی عیرفانیدا، کەشی عیرفانی لە زەینی ئەمدا ژیاوە وەك تایبەت بەتاکێك، دەتوانین بەرجەستەکردنی ئەمە لە نموونە شیعرییەکانیدا ببینین.

لە شیعری (جامی لێو)دا لە سەرەتاوە تا کۆتایی تکاو پاڕانەوەیەتی بۆ ماچی لێوی یارو مەتاتی شیعرەکە دەکشێنێت تا لە دوابەیتدا دەڵێت:

لێوی وشکم پاراوبکە، گڕەی سورە

من لە پلەی اناالحق دام بەسە کورە ل46 ب 2

دوا تکای بە کۆپلەیەك کۆتایی پێدێنێت تا یار پاش بڕواپێنەکردنی داچڵەکێنێتو ملی پێبدات بەئاشکراکردنی ڕازی خۆی کە لە پلەی بەرزی اناالحق دایەو پلەیەکی باڵایەو سوتانی ناوێتو لە سوتان تێپەڕیوە، کاتی بەخشینی لیقایە، یاخود دەکرێت بەدیوێکی دیدا خوێندنەوەی بۆ بکەین، ئەویش ئەوەی کە شاعیر بەوشەی اناالحق دەیەوێت لەسەر حەقبوونی خۆی بسەلمێنێت کە پەیوەستی ماچە، لێرەدا حەقەکەی هیچ ئاماژەیەك ناگەیەنێت بۆ سۆفیزم وەك بیر، بەڵکو تەنها لە چوارچێوەی زاراوەدا خۆدەنوێنێت، ئەویش بەچەسپانی لە ناخو زەینی شاعیردا. لە پارچە هۆنراوەیەکی تریدا هەر ئەو وێنەیە دەردەکەوێتەوە لەپێناو ڕەوابینی ماچ بەخۆیدا خۆی دەکات بە حەلاج...

لەو دەمەی تۆ من ئەتوانم تۆکی ئاڵ هەڵبمژم

لەناو کڵپەی اناالحق دا خۆم بکوژم ل17 ب 1

جوانکاریی وشەسازیو گەمەی زمانەوانی بەم زاراوە سۆفیزمانە، ئاماژەیە بۆ ئالودەبوونی شاعیر بەو جیهانە، لەهەمانکاتدا دەستبەردارنەبوونی لە جیهانی مەتریاڵیو چێژە مادییەکانو چێژی ئافرەت.

لە شیعرەکانی سەر بەم پۆلەیدا بەلەشولاری یاردا دێتە خوارەوە ڕێڕەوی پەسنی بەرەو سینگو بەرۆکو دەمو لێوی مێینەیەك ئاڕاستەدەکاتو نقومبوونی لەناو لەزەتدا بەرەو شەتەحی چێژی دەبات و هیچ وشەیەك

شك نابات، ئەوسا دەبێتە خوازەری وشەی نێو ئەو فەرهەنگە:

با لە جۆلانەی پەلکتا بمکەی بە کۆرپەی بەر مەمەت
ئەوسا لە ناخی شارەوە باوەڕم دەنگ دەداتەوە
من حەلاجی ئەم سەردەمەم
منم دەروێشی ئەم شەمەم ل 159 ب 2

کاتێك وشە قەرزکراوەکان لە شیعرەکەدا ڕیز دەکات، بەرلەوەی توانەوەی لە بۆتەی هۆنراوەکەدا نمایش بکات، دەبێتە پارچەیەکی قەرزکراوی دانراو کە زیاتر حاڵی شاعیر دەردەخات لە بێهۆشیداو نیشاندانی دژیەکییەك، چونکە لەلایەك دەیەوێت لە جۆلانەی پرچەکانیدا شیربخوات وەك کۆرپەی شیرەخۆرە بۆ گەورەبوون و گەشەکردن، وەك ئاماژەیەك بۆ درێژەدان بەژیان، لەلایەکی ترەوە دەڵێت (حەلاجی سەردەمم) حەلاج وەستانە لە گەشەکردن لە جیهانی مادیداو حەلاجبوون واتای کۆتایی هاتن بەبوون، کەوایە نەسازە هەم منداڵ بێت و گەشەیبووێت هەم حەلاجێکی تەمەن وەستاو بێت.

لە باسی شۆڕش و ئازادی و بابەتی پەیوەست بە شۆڕشەوە، دووبارە دێت و وشەی حەلاج دەخوازێت، وەك شۆڕشگێڕێکی گشتی تەماشای دەکات نەك وەك بابەتی سۆفیزمی ئیسلامی، ئەوەتا لە شیعرێکدا دەڵێت:

بەندەی خودا شەهیدێکەو برای هاودەردی مەنسورە،
بەندەی خودا
بو بەحەرفی اناالحقو...ل 234 ب 2

بەر لەم بەیتە باسی حەلاج دەکات و نەسازانی لەگەڵ خەلیفەدا دەخاتە ڕوو، پاشتر لەم بەیتەدا بەراوردی دەکات بە شەهیدێکی کوردستان.

لە بابەتی حەماسی و حیزبی و دروستکردنی کەشێکی وروژێنەری هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانیدا، حەلاج دەخزێتە شیعریەوەو بۆ پەسنی بارزانی بەکاری دەهێنێت و تائاستی باڵایی هەڵیدەکێشێت و وەك نوری خودا وێنای دەکات و ئەیگەیەنێتە لوتکەی وجود، کە شەبەنگە تیشك دەهاوێژێت و بە نزیك کەوتنەوە خەڵك دەکاتە قەرەبرووت، بەڵام کەسێکی لایەنگرو یاری وەك شاعیر، حەلاجەو هیچی لێنایە. ئەم وێنەیەی حەلاجی زیاد لەهەر شتێك وەك ئینتمایەك بۆ حیزب بەکاریهێناوەو ویستویەتی لەڕێی وشەگەلی (حەلاج و تورو نورو قورئانەوە (دەست بەپیرۆزاندنی حیزب بکات و بە دەقئاوێزانێ سیاسەتێکی پیرۆزێنراو بگێڕێتەوە.

وەگەڕخستنی زاراوەی سۆفیزم و عیرفانی لە شیعرە ناعیرفانییەکانیدا دەبێتە بەهانە بۆ دەرخستنی لایەنگری خۆی بۆ سۆفیزم بەتایبەت و ئاینی ئیسلام بەگشتی، چونکە وەك وتمان گەلێك جار مەبەست جیاوازەو مەوداکانی گێڕانەوەش لێکدوورن. لە شیعری (هەوەڵ مەزات)دا باسی هەراجکردنی بیرو شیعرو هۆنراوە دەکات دوای هێنانەوەی زنجیرە کاتێکی دیاریکراوی گەمارۆدراو بە (ئەگەرو هەتا) لەپڕ دەڵێت:

هەتا لە تور ڕوم وەرنەگێڕاوە لە ژوور
تا بۆ گوێرەکەی سامری دەستەو نەزەر نەوەستاوم ل 71 ب1

پاش نیشاندانی ئەو داستانە ئەیکاتە زەنگی ئاگاداری بۆ پڕەنسیبی خۆی کە ڕەنگە شتێك لەئارادابێت و وەریگێڕێت سامری ئاسا، لەڕاستیدا خواستنی وێنەی سامری لە وەها شیعرێکدا هیچ نییە جگە لە بەکارهێنانی شێوەیی و نەك لەپێناو بیری سۆفیزم و ناوکۆیی دەقدا، چونکە شاعیرانی کلاسیزمی ڕۆژهەڵات بەتایبەت ئەوانەی شیعری پڕ لە ئیلحایان لە حاڵی ئیشراقدا دەهۆنییەوە، وەها وێنەیەکیان لە بیری قووڵی خۆیان هەڵدەکێشاو ئەوسا جێگەی خۆی دەدۆزییەوە لە بەیتەکانیاندا، کاتێك شاعیری مەزن خواجە حافزی شیرازی ئەم وێنەیە دێنێت و دەڵێت:

ان همه شعبده خیش که می کرد آنجا

سامری پیش عصاو ید بیچا می کرد[4]

شاعیر ئاگاری سیستەمی لێکنەترازاوی شعورو زەینیەتیو بە تەواوی لە کۆی شیعرەکە ئاماژەکانی بەئاراستەیەکدا دەبات کە لە کۆتایدا بگاتە مەبەستو دیدی تێراماوی فەلسەفی خۆی دەربخات، لەلایەکی تریشەوە وەك بەیتێکی سەربەخۆ واتایەکی قووڵ بدات بەدەستەوە کە ببێتە بەیتێکی جوداو لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت، بەڵام حەسیب قەرەداخی لەوەها شیعرێکدا مەبەستی دوورە لە هەموو فەلسەفەو رامانێکەوەو لە پێناو باسکردنی شیعری خۆیدا دەیهێنێتە ئاراوە، ئەمەش دووبارە دەمانگەیەنێتەوە بەو رایەی کە هەموو ئەمانە ئامادەبوونی لە نائاگاییو شارەزایی لەوبوارەدا لە هەمانکاتدا.

حەسیب لە هەندێ لە شیعرە سیما فۆلکلۆری ئاساکانیدا وێنەگەلی سۆفیزم هەیە.

کلو ماکیاژو بۆیە شەرمەزارن لە رووتا

(تور)ی دڵی شاعیران بە جوانی تۆیە سوتا

کاتێك شاعیرە سۆفییەکان (تور) لە شیعرەکانیاندا نەخش دەبەستێت، جوانییەکی وەهای دەدەنێ کە خوێنەر رادەچڵەکێنێ لەئاست ئەو بیرە ئیستاتیکایەدا کە گوزارشت لەو عەشقو جیهانە یەزدانییە دەکات کە مەگەر هەر ناخی شاعیر وێنای بکات، بەڵام لەلای شاعیرێکی وەك حەسیبدا هیچ یەکێك لەم ئاماژەو سەرنجە چڕو وردانە نابینرێتو زیاتر خۆی لە بەیتێکی میللی نزیك دەکاتەوە وەك لە ئەدەبیاتێکی تۆکمەی یەزدانی.

لە پلەیەکدا شاعیر دردۆنگییەك بەرۆکی دەگرێتو لەنێوان شیعری سۆفیگەریو دڵداریدا بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە، ئەمەش زیاد لە هەمووشت کاریگەریی ئەو تەوژمە دیمانانەیە کە هێرش دەبەنە سەر زەینیو گەمارۆی دەدەنو خۆیان لە شیعرەکانی دەسەپێنن، چونکە شاعیری راستگۆ ئەو کەسەیە دەربڕی ئەو بارە دەروونییە بێت وەك ئەوەی حەسیب ئەنجامی داوە. ئێمە هەرگیز ناتوانین بڵێین ئەو پیاوێکی سۆفی بووە بە مانای وشەو هەڵگری هەمەخەسڵەتی عاریفانبووە، چونکە گوتەکانی خۆی دەبنە گەواهینامەی بیرەکانی، جگە لەمە عارفبوون، عاریف ژیانی گەرەکەو بڕینی پلەکانی سۆفیەتیو ئەزموونکردنی حاڵەکانی ئەو رێبازەیە، لە کاتێکا شاعیر هەموو ئەمانەی زانیوە، بەڵام وەك ئەنجامدەرێکی بەدیناکرێت تەنها لە چەند پارچەیەکیدا نەبێت کە پڕاوپڕی عیرفانەو بیرکۆیی عیرفانی لە دەروونیدا دەهەژێتو بە چواردەوری وجودیدا تاو دەسەنێت.

لەپێناو زیاتر روونکردنەوەی مەبەستەکەماندا شیعری (خەڵوەت) بە نموونە وەردەگرین. لەم شیعرەیدا باسی رۆچوونو رامانو قووڵبوونەوەی فیکردەکاتو بەخەڵوەت ناویدەبات، لەم خەڵوەتە تاریك و تەریکەدا هیچ بەدیناکرێت تەنها رووناکییەك نەبێت، کە هی ئەوە، ئەم نورە گەورەدەبێتو ئاسۆ دەگرێتەوە، کۆپلەی یەکەمی زیاد لە هەر شت دەمانخاتە سەر کەڵکەڵەی راڤەکردن بە ئاقارێکی سۆفیگەریدا، چونکە خەڵوەت بەمانا عیرفانییەکەی بەواتای گفتوگۆی نەهێنی یا رازداری لەگەڵ حەقدا دێت[5]، یان فەراهەمکردنی بێدەنگییەکی قووڵە لە پێناو قسەکردن لەگەڵ زاتی خوداداو مەحرەمانە راز دەربڕینە لە تەنهاییەکی پڕ لە ئامادەگیی (ئەو)دا، کەوایە شاعیر لە خەڵوەتدا مژۆڵی رازدارییە لەگەڵ حەقداو کرنووشی بۆ دەباتو شانازی بەباڵایی عیشقەوە دەکات.

منیش لەوێ کرنوش دەبەم بۆ باڵای عیشقی خۆم

لێرەوە کەشی خەڵوەخانەکەی پڕ جۆشو خرۆش دەبێتو توانەوە دێتە ئاراوەو ئاڵوگۆری کەسەکان بەدیدەکرێتو پاشان ئاوێتەبوون، ئەم بیرەی شاعیر وەرگێراوی بیری راستەقینەی حەلاجە کە دەڵێت (انا انت بلاشك فسبحانك سبحانی)) یان بایەزید ((سبحانی ما اعظم شانی))[6].

ئەم تێکەڵبوونەی شاعیر هەمان مەبەست دەدات بەدەستەوە، بەڵام بە جیاوازیی ئەوەی کە ئەوان عارفنو درکاندنی رازیان ئەنجامداوە لە شەتەحێکدا، بەڵام شاعیر عیشقی خۆی نیشاندەداتو لە خەڵوەتداو شەتەحی

ڕۆحی نییەو شەتەحی ڕووکەشی شیعرییە.

پاشتر باسی عیشقی باڵاو ئاوێتەبوونی نهێنییەکان دەکات وەك ڕووبارێکی سەرگەردان دەیەوێت بڕژێتە دەریاوە:

ئیتر دەبم بە ڕووبارو دایکی ڕووباریش دەریایە
دەریا ڕازی کانیو جۆگەو ڕووباری شێتی تیایە

شاعیر بیرەکانی بەرەو چڕکردنەوە ئاڕاستە دەکاتو بەئاماژەوە هەنگاو بۆ بیرێکی باڵای سۆفیزم دەنێت کە بیری گەڕانەوەیە بۆ لای خوداو ئاوێتەبوونەوەیەتی پاش دابڕان لێی، وەك سرودی نەیی مەولانای ڕۆمی، کە ئاماژە بۆ هاوارو ناڵەی نەی دەکاتو دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ نەیستان، لەهەمانکاتدا شاعیریش وەك ڕووبارێکی تینوو و ڕۆحێکی سەرگەردان دەیەوێ دوای بڕینی دژوارییەکانی ڕێگا بگاتە دەریاو ئاسودەبێت.

دەچمە شوێنەواری ئەلەست
بۆ وەڵامی خۆم دەگەڕێم
بیرم نایە من چۆن وەڵامم دایەوە

وشەی ئەلەست ئەو وشەیەیە کە ئەدەبیاتی عیرفانی وەك جەمسەرێکی گرنگ لێی دەڕوانن‌و گوزارشتی تاسەو ئارەزووی خۆیانی پێدەکەن بۆ گەشتنەوە بە خالق، ئەمەش لە ئایەتی (واذ ربك من بنی ادم من ظهورهم ذریتهم واشهدهم علی أنفسهم ألست بربکم قالو بلی)[7] وەرگیراوە، بەواتای ئەوەی ئەو کاتەی خوداوەند گیانی مرۆڤەکانی لە جیهانی لاهەتیدا دروستکردووە، پەیمانی ئەڤین‌و وەفاداریی لێوەرگرتوون، بۆیە ڕۆحی ئادەمیزاد هەمیشە پەرۆشی ئەوەیە بگاتەوە بە خۆشەویستەکەی[8]و لەم جیهانەی ناسوتەوە بگەڕێتەوە بۆ لاهوت.

شاعیرێکی وەك وەفایی دەڵێت:

دیسا لەسەر عەهدی ئەلەست جامێ لەجامان بگرە دەست
هەتا ئەبەد مەخمورو مەست هژا الگریق العاشقین[9]

شاعیرانی سۆفی هەمیشە مەستی ئەلەستن‌و تەمەنای دەرچوون دەکەن لە زیندنی جەستەو دەیانەوێت ڕەهابن لە بەندو بگەڕێنەوە بۆ لای خاوەن بەڵێنی ئەلەستو تێیدا بتوێنەوە.

من لە گێژاوی بانگی شێتیم ئاشکرایە
نە دەستگیرم لامەبەستەو نە پێویستم بەچرایە

ڕەوابینینی حەق بە خۆی بۆ نیشاندانی پلەی کەماڵو نیشاندانی چەمکی دووانەی شێتی عیشقو چەسپاندنی لەخۆیداو هەڵدانی بانگی (من سەروەری) ڕاشکاوانە شاعیر دەیەوێت بڵێ من خۆم موڕادمو کەس بەهۆکار نازانم (وەسیلە) تا ڕێگای ڕاستم نیشان بدات، بەڵکو ڕاستەوخۆ پەیوەندی دروستدەکەم لەگەڵ یەزداندا. ئەم سووربوونەی شاعیر لە جێگایەکی تریشدا بەدیدەکرێت، ڕەنگە زیاتر بەهۆی شێخبوونیەوە وەها هەستێکی لەلا گەڵاڵە بووبێت، یاخود لەو کاتانەدابووبێ کە لە ڕووی باری دەروونیو سۆزدارییەوە پێویستی بەسەلماندنی خۆیبووبێت.

من دەروێش نیم بێم بە چۆکا لەبەر دەرگای نەزەرگەتا
من دێم پیری تەریقەتم دەرت دێنم لەو بەرگەتا ل 292 ب1

ئەوەی هەیە دەرخستنی ڕاڕایی شاعیرە لە زۆر جێگای تردا خۆی دەکاتەوە بەدەروێشێکی دەستەونەزەر دەوەستێتو چاوەڕێی لوتفی شێخە، دواتر لەسەر ئەمە قسەدەکەین.

لەم دێڕە بەدواوە گومانی شیعریی سەرهەڵدەداتو جڵەوی ڕاڤەکانی سەرەوە لەدەستدەدات، پەیڤو وشەکان پەیامێکی ترمان ئاڕاستەدەکەن (بیرم نایە من چۆن وەڵامم دایەوە) وەستانێکی لەپڕ ڕادەگەیەنێتو

لەو گەشتە درێژەی ماناداو لەگەڵ گومانی خۆیدا گومان دەرژێنێتە دڵی ئێمەشەوە، ئایا شاعیر بەراستی بیری نایە وەڵامی چیبووە، یاخود دەیەوێت لە ڕێگای لەبیرچوونەوەوە خۆی لەو زنجیرەیە ڕاپسکێنێ؟ لەکاتێکدا پێویستمان بەوەڵامی یەکەیەکەی تاکەکان نییە، بەڵکو زووتر وەڵامەکە لە دەقی قورئانی پیرۆزدا چەسپاوە.

کاتێك دوای شیعر دەگرینو دەمانەوێت بمانگەیەنێتە قووڵایی کۆتایی، ئەم بیرەی شاعیر توشی پچڕاندنمان دەکات بەباسی ئەوینو بارانو مەی، خۆی لە بیرە عیرفانییەکانی لەوەوبەری دەدزێتەوە، تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ:

من شەرابی کوپەی دێرین لەگەڵ شیعرا تێکەڵاوکەم

لە چاوی تۆ دەیخۆمەوە

شوێنەواری ئەلەستەکان بەو مەستییە دەشۆمەوە

بەرپاکردنی شۆرشێك بۆ نەهێشتنی شوێنەواری ئەلەست بەمەیو خواردنەوەی لە چاوی ئەودا، چی دەگەیەنێت جگە لە دردۆنگی شاعیر لەنێوان عیشقی خوداییو عیشقی زەمینیدا، ئەو لە سەرەتادا لە باسی خەڵوەتو تێکەڵبوون ڕایکێشاینە نێو گەمەی بەسەرهاتی عیشقی باڵا، پاشان لە کۆتاییدا وەك سەرگەردانێکی ئاشوفتە لە دووی چێژی مادییە...

لە حوزورام پێکی ڕەجەعەم لەدەستدایە

ڕێگەم دوورە هەر بە تێشوی ماچێکی تۆ ئاغر ئاغر دەرۆمەوە

داواکردنی تێشو بۆ ڕێگەیەكو سەفەرێکی ئەبەدی بەپێی سەرەتای شیعر دەبوایە زوهدو عیبادەتبووایە، بەڵام سنوری بیری خۆی دەترازێنێتو بەهۆی زاهید نەبوونییەوە ناتوانێت دەستبەرداری چێژی مادی ببێتو بێ ماچ سەفەری خۆی ڕاگەیەنێ، کە مەرگەو دواجار زیندوبونی خۆی لە دونیای تردا ڕادەگەیەنێت، دواتر دەڵێت: (کەسم ناوی خۆم دەزانم خاچ و کویەو ماچ لە کویە) ڕاشکاوانە قوفڵی شیعرەکەی بەماچ دەداتو خۆی یەکالا ناکاتەوە لە نێوان دوو عیشقەکەیداو دەستەوستان دەیەوێت هەردووکیان بڵێو واز لە هیچیان نەهێنێت.

ڕەنگە ئەم دەسبەردارنەبوونەی بەهۆی بەیەکسان دیتنو باڵابینیی هەردووکیانەوە بێت کە ناتوانێت دەستیان لێ هەڵگرێت، ئەمەش لە شیعری (ئەویندارانی حەقیقەتدا) دەردەکەوێت کە عیشقی خۆی بەراورد دەکات بەگەورە عارفی ئیسلامی بایەزیدی بوستامی (261 کۆچی دوایی کردووە) شەتەحاتەکانی وەك حەلاج کاریگەربوونو عیشقی ئاوێتەی تەجەلای یەزدانی بوو، حەسیب دێتو خۆی پێ بەراورد دەکاتو لە تەرازوی عیشقدا کێشانەی خۆیی و بوستامی مەزەندە دەکات، دەمی قسەی لە بوستامی دەکاتو وەك برینداریکی خوێن لێچۆڕاوی ئەزەلی گازندە دەکات لە بەختی خۆیو چاوی بایەزید بەڕووی واقیعێکدا دەکاتەوە، کە بەخت یاری بووە.

شێخی بەستام! بۆ ئەوینت چیت کردووە؟

نەمکردبێ بۆ ئەوینم؟ ل127 ب 1

ئایا حەسب شارەزایی بەسەرهاتەکانی بایەزیدبووە؟ بێگومان شارەزایی تەواوی لە مێژووی عیرفاندا هەبووەو ئاگاداری بەسەرهاتەکانی گەورە دەروێشەکانبووە، بۆیە بەتایبەت ئەو دێنێتە گەمەوەو دواتریش شێخی گەیلانی، چونکە جگە لەوەی دەزانێ ئەمان قورساییەکی تەواویان هەیە لە تەریقەتدا، گەرەکیە بەهاوتاکردنی ئەوینی خۆی لەگەڵ ئەواندا کە ئەوینی یەزدانییەو سەروکاریان لەگەڵ خودادایە، پلەی خۆی بەرزراگیراو نیشان بدات، لێرەدا پرسیارێك دێتەئاراوە، مادام شاعیر لە دووی نیشاندانی رەنجی عیشقی خۆیدایە، ئەی بۆچی وەك هەموو شاعیرانی تری ئەدەبی کلاسیزمو تەناتەت نوێیش، فەرهادو مەجنونو مەمی نەهێنایە نێو کایەی گفتوگۆوەو ڕازی دڵی خۆی بۆ بەیان نەکردن؟ خۆ ئەوانیش بەعەشقی پاكو سیمبولی عیشقی زەمینی بۆ یەزدانی

دەناسرێن، ئایا شاعیر لەبەر سواوییان توخنیان نەکەوتووە؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەم دواییەیان نەرێیە، چونکە لە شیعرەکانی دیکەیدا خۆی بەمەمو هاوشێوەکانی دەچوێنێت، بەڵام ئەوەی وادەکات لە شیعرێکیدا ڕوکاتە بەستام، دانانێتی بەسەنگی سەبورو مەحرەمی ڕازو دیتنەوەی وێنەی خۆیەتی لە ئەودا، بەڵام تەواونەبوونی وێنەو ناکامبوونی ئەمە کە وا دەکات دادوبێداد بکات لەدەست بەختو چارەنووسی.

تۆ پێت خستە سەر ملی با بەرەو یارت

من رووبارێك ئەشكم هەڵبەست

هەڵیگرتم بەرەو یارم

تۆبوویت بە چرا

من هێشتاکە بریندارم

جودا نیشاندنی عاشقەکان و لەهەمانکاتدا گرێدانەوەیان بەیەکەوە، لەو کۆپلەیەدا دەبێتە پێناسی هەردووکیان و جیابوونەوەی ڕێگای عیشقیان، بایەزید بەهۆی جەستە وەلاوەنان و ڕزگارکردنی ڕۆحی و سوکبوونییەوە بووەتە هۆی ئەوەی ئامادەبێت لەگەڵ بادا بەرەو مەلەکوتەکانی ئاسمان بڕوات و بگاتە خزمەت نوری حەق، بەڵام حەسیب بەهۆی قورسیی جەستەو فرمێسکە سوێرەکانی دەرهاویشتەی کڵپەو کسپەی ناخی بە ڕووبارێکدا بەناو زەمیندا ڕێدەکات و دەگاتە یارێکی زەمینی.

شاعیر پاش نیشاندانی پلەی بووستامی و مەزندەی مەزنیەکەی، ئەوسا نائومێدانەو دڵشکاوانە بەوەی کە توانای بەرگەگرتنی بەئەندازەی مرۆڤە نەك یەزدان (من مرۆڤم خوداوەند نیم، من هەتا کەی بۆ خۆزگەیەك هەروا بژیم) بەم بەهانەیەوە سەرلەنوێ وەك دوولایەنییەکانی دیکەی ماچو نیگا بەخۆی ڕەوا دەبینێت.

زۆرجار تارمایی عیشقی قورسی ئیلاهی و تەزووی حاڵی دەروێشی دەبنە ئامادەبوویەکی دابەشبوو بە نێو شیعرە دڵدارییەکانیداو دەربرینەکان بەئاقارێکی جودا لە خۆشەویستیدا دەبەن، کە نووسەر ناچاردەکات بەهۆی ڕاستەوخۆ دەربرینی هەندێ وشەی زەقەوە تەوەرە بەرەو ئەڤینی زەمینی کێش بکاتەوە، یان بەپێچەوانەوە لە مەبەستە عیرفانییەکانیدا بەرەو دڵداری دەچێت وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەم ئاوێتەبوون و جوداخوازییە وادەکات جیاکردنەوەی ئەم شیعرانەی کەمێك گران بکەونەوە، هەم بۆ خوێنەرو هەم بۆ خۆیشی، چونکە شاعیر بۆخۆی لە هۆنینەوەی شیعردا ئەوەی نێو دڵ و دەروونی دەڵێت و ڕەنگە گەلێك جار نەتوانێ ئەوەی نێو دڵی بەتەواوی دەربڕێت و ئاراستەکەی بەویستی دڵی نەچەرخابێت، ڕەنگە بتوانین نموونەی ئەمە لە هۆنراوەی (خۆشم ئەوێی) ل 40 دا بەدیبکەین کە کەشە عیرفانییەکە بەسەر کەشە ئەڤیندارییەکەدا زاڵەو هاوکات بۆتە هۆی خولقاندنی دەقێکی پڕ سۆزی بگۆیەکی عاشق...

من ئەو تەنەم لە تۆپی تۆکلا بەپێی کالا بڕا

لە ناوبانگی ناوی تۆدا بانگی ناوی منیش درا

ئەو نەیجەیەم قامیشەلانی تۆ دایکی ڕیشەی منە

یەك سات لە تۆ بمبڕنەوە ناڵەی دونیا پیشەی منە

گفتوگۆی ئەویندارانەی نێوان خۆی و یاری کاڵتر دەبێتەوە، ئەڤینەکەی بەرەو فراوانی و خۆشەویستییەکەی بەرەو عیشقی قووڵ دەچێت، شاعیر وەك سۆفییەك خۆی نیشاندەدات لەم کۆپلەیەدا، مەولانائاسا سروودی نەی دەچڕێت، بەڵام لە کۆپلەکانی دیدا ناتوانرێت بە تەواوی بزانرێت بۆ کێی وتووە، بەهۆی فراوانبوونی ئاماژەی گشتی عیشق و کەمکردنەوەی ئەو واژانەی بۆ کەسێك بشێن نەك زاتی خودا، بەڵام ئەوەی دەبێتە جێگەی سەرنج لەم پارچەیەدا دوا کۆپلەی خۆشم ئەوێیتە (وەکو پێکی خومارشکێن ئەتخۆمەوە بەدوا بینێ).

لە سێ بەیتی یەکەمیدا نموونەی ئاوێتەبوونێك دێنێتەوە کە ئەستەمە جیاکردنەوەی ئەم و یار کە خودایە،

دەبنە وێنەو ئاوێنەو بە دیتنی ئەم ئەویش دەردەوێت، (منو تۆ) یەك لە ئارادا نامێنێت بۆ جیا تەماشاکردن، بەڵام لە بەیتی کۆتاییدا وەك ئەوەی دوودڵ بێت لەو عیشقەی نەیتوانیبێت دەستنیشانی بکات، یارێکە یا خودایە بەلای یاردا لای دەدات (ئەو مەنسورەم تەنها بۆخوا ئەکرێتەوە ناخی دڵم) وێنەی بەمەنسورکردنی خۆی دەکێشێت کە بۆ خودا ڕازەکانی دەبێژێتو قووڵیی شیعر دەشێوێنێت بەوشەی (خودا)، چونکە بەرتر لەگەڵ خودایا ئەدواو بە (تۆ) بانگی دەکردو دەبوونە وێنەو ئاوێنە، بەڵام هەنووکە کە ناوی دەبات، واتە پاشگەزبوونەوەیە لەوەی کە (تۆ) خودابوو بێت، ئەم شیعرە بەم جۆرە دەمێنێتەوە تا شاعیر هەست بەلەنگیی واتای ئەم بەیتە دەکاتو وشەی خودا دەکات بە (تۆ)و لەڕیزی ئەو شیعرانەدا دایدەنێت [10] کە دەبنە گوزارشت لە حاڵی فەنافیلا، ئەمە پاش 8 ساڵ تێپەڕین بەسەر نووسینیدا.

شاعیر پابەندبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت بە سۆفیزمەوە لە گەلێك شوێندا بەتایبەت ڕێبازی سۆڵەیی‌و خۆی بەموریدێکی کەم دەزانێت کە لە پلەی سۆفێتی، یان بەپێی ڕێبازەکەی ئەوان دەروێشە کە پلەی یەکەمە لە شەش پلەکەی (ئەخبار، ئەبدال، ئەبرار، نوقەبا، غەوس)[11] و ڕێبازی دەروێشی پێ قبووڵە نەك سۆفێتیی لای خۆمان کە زاراوەی سۆفی تەسك کراوەتەوە بۆ شوێنکەوتووانی ڕێبازی نەقشبەندی.

ئەی شۆخەکەم بۆچی من چیم
کەی فریشتەم کەی من سۆفیم
تا
وا ئەزانیت وشکە سۆفیم ل69 ب 1

هەمیشە لەناو خەڵکدا ڕێبازی نەقشیی‌و شوێنکەوتووانی بەکەسانی دوورەپەرێز ناوبراون، کە خۆیان لە خەڵك جیادەکەنەوە. ئەمە وایکردووە ڕەنگبداتەوە لەنێو دەروونی شاعیرداو خۆی وەك دەروێش بناسێنێت نەك بەسۆفی وشك، چونکە هەمیشە لە جۆش و خرۆشدایەو پێویستی بەدەربڕینی کڵپەی دڵیەتی، ئەویش لە ڕێگای ڕێبازەکەی خۆیەوە لە کۆڕی زیکردا حاڵی خۆی ئەنجامبدا.

ئەم دەروێشییەی شاعیر کە سەر دەردێنێت لە شیعرەکانیدا ڕاستگۆیانە وەك دەروێشێکی خۆف لە دڵ ڕازی خۆی بۆ شێخی دەردەبڕێتو پەیمانی خۆی نوێ دەکاتەوەو پابەندبوونی بە ڕێبازو خۆشەویستی سەرداراەکەیەوە دووپات دەکاتەوەو خۆی وەك دەروێشێکی کەمەنکێش ناودەبات، کە هێزی بانسروشتی خستویەتییە سەر کەڵکەڵەی هاتنە خزمەتی شێخ..

هۆ شێخەکەم من دەروێشی کەمەندکێشم
هۆ شێخەکەم دەستی منو دامانی تۆ ل32

حەسیب لەم شیعرەیدا دەروێشێکی عاشقە کە زیندوو ڕاگرتنی عیشقەکەی بەهۆی ئازارەوە پەیوەستدەکاتو دوورکەوتنەوەی لە ئازار بەرەو نیستیی‌و نەمانی دەبات، هەربۆیە خۆی تاوانی خۆی ئاشکرا دەکاتو داوای سزاکەشی دەکات تاکو وابەستەیی عیشقیی‌و ڕایەڵەی وەسڵی نەپسێ.

شاعیر جۆشی دەروونی لە بازنەی شێخیی‌و دەروێشیدا تەشەنەدەکاتە سەر هۆشیی‌و دەبێتە هۆی درکاندنی قسەگەلێك کە ئەگەر لەباری ئاساییدا دەریانبڕێ، ئەوا پچڕاندنی ئەو پەیوەندییەو لە بازنە دەرچوونی لێدەکەوێتەوە، بەڵام لە بارێکی وەهای پڕ هەڵچوونی دەروونیی‌و موعاناتی کەسی نەك هەر ناترازێ لەو سیستەمە، بەڵکو دەبێتە هۆی زیاتر بایەخپێدانیی‌و دەسنیشانکردنی بۆ بەرزکردنەوەی مەقامی لە تەسەوفدا.

ئەم بارەی شاعیر لە شیعرێکی درێژیدا ل135 ب1، بەرچاو دەکەوێت کە سەررێژە لە تەمەنناو سکاڵا، دواجاریش تورەیی‌و نائومێدی، کۆی شیعرەکە باس لە حاڵەتێکی دڵ پڕ سکڵی شاعیر دەکات، بەهۆی مەینەتییەکانی هەڵبژاردنی ڕێگای عیشقی یەزدانی، کە وەك بارێکی قورس شانی هەڵیناگرێتو پێویستی بەوزە

پێبەخشینە تا گەرمبێتەوە لە عەشقدا، کەچی لەجێی ئەم دڵدانەوەیە، مەینەتییەکی تاقەتپڕوکێن بەرۆکی دەگرێت کە لەدەستدانی یەکێك لە ئازیزانیەتی (کەژاڵی کچی) کە وای لێدەکات وەك پرسەگرێگی زام سارێژ نەبوو لە لاواندنەوەکانیدا پەشیمانیی خۆی لەئاست هەموو شت دەربڕێ، کە وای زانیوە فریای دەکەون.

دەشێ لەم شیعرەیدا ڕاستگۆیی شاعیر بەتەواوی دەربکەوێت بەهۆی سیگناڵی نائاگییەوەیە لە بارێکی بێهۆشیدا وێنەگەلێك دەئافرێنێت کە هەموو ئاماژەی بەباچوونی هەوڵ و تەقەلای ساڵانێکی تەمەنیەتی.

لەسەر لوتکەی ئازارم بەدەم بانگو سەڵاوە
گەنم گردوو جۆ بڵاو ئەکەوتو هەڵ ئەساوە
کێشە لەخۆما شینە، قەرسیلێکە بەراوە
تا ڕێی ئاوڕ خۆشەکەم لقو پۆپی خوراوە
گەنم تۆوی ناو درك، جۆ لە عەمبارا خرە
سەریش زرکێکی تاڵەو دەمیش گیرفانی پڕە

ئەم وێنانە هەڵهێنانی چاوی شاعیرە بەڕوی ڕاستیەکی تاڵدا کە لە دەروونیدا هەستی پێدەکات، ئەم ڕاستییە هێندەی پەیوەندیی بەماهیەتیی خودو بیرە هەڵبژێراوەکەیەوە هەیە، هێندە نابێتە پێناسی دەرەوە بۆ ئەو کەسە، چونکە ئەم ڕاستبێژییە باس لە گۆڕانو ڕووداوەکانی ناوەوە دەکاتو هەموو هەڵسەنگاندنێکی دەرەکی دەبێتە هۆی بەدحاڵیبوون لەو ئاکارە ناوەکییە.

ئەمەش تەنها لای حەسیب ڕووی نەداوە، زۆر لە عیرفانییەکان شەرحی حاڵی خۆیان بەم زمانە مەلامەتە کردووە، نموونەی هەرە دیاری لە ئەدەبیاتی کوردیدا مەحوییە:

سەر کە جۆشێکی نەبێ، من زرکە تاڵم بۆ چییە؟
دڵ کە هۆشێکی نەبێ شیشەی بەتاڵم بۆ چیە؟ [12]

شاعیر پاش لەخۆڕازی نەبوونو هەست بەکەمی، گەرەکییە پاشگەزبوونەوەی خۆی ڕاگەیەنێت لەو تەوبەیەی کە کردوویەتی، چونکە هەر لەو مەقامەدایەو قورسیی باریشی زیاددەکاتو پلەکەی نەگەشتۆتە باڵا، بیری حەسیب ئاوێتەیەکە لە بەرزدۆستیو بینینەوەی ڕەنجیدا، بۆیە دووراودوور لەبەر خۆیەوە قسە ئاڕاستەی شێخی دەکات:

خەبەر بەرن بۆ شێخم تەوبەکەیم کوشتووە
پەشیمانم پەشیمان، هەر مەیکم ڕشتووە

ڕوانین لە چوونە ناو بازنەی ڕێبازی سۆفیزمەوە، لە ڕێگای گرتنەبەری تەریقەتەوە (کەسێك ئەگەر بیەوێت دەروێشبوونی خۆی ڕاگەیەنێت دەڵێت تەریقەتم هەیە، تەوبەم داداوە) شاعیر بە نۆشینی پەیمانەیەك مەی دادەنێت کە سەرەتایەکە بۆ مەستی لە عیشقی یەزدانیدا، بەکوشتی ئەو پەیمانە کە تەوبەیە،

شاعیر ئەستۆی خۆی پاك دەکاتەوە لەو گوناهە لەبری بەمەستکردنی خۆی، ڕژانی باسدەکاتو بەجۆرێکیش ئەم بابەتە دێنێتە ئاراوە وەك ئەوەی بڵێ چیم کردووە تەنها مەییکم ڕشتووە؟

کێشەی تەوبەکەی بەسەر کۆی شیعرەکەیدا بەشکردووە، پاش هەموو سکاڵاو باسکردنی ڕابردوو و نیشاندانی حاڵی ئێستای دوو بەیتی تر وەك یادهێنانەوەیەك دێنێتەوە، لە هەمانکاتدا ئەم هێنانەوەیە وەك تەقسو سرودی نێو تەکیەکان وایە کە دوو بەیت ناوبەناو دەوترێتەوە.

خەبەر بەرن بۆ شێخم تەوبەکەیم پێچایەوە
لە دووریانی عەشقا دەروێشەکەت تێماوە

هەبوونی هۆیەك کە دردۆنگییە لە هەڵبژاردندا وادەکات هەستێت بە پێچانەوەو گردکردنەوەی تەوبەکەی

لەشێوەی مەعنەویاتدا کە ڕەتکردنەوەیەو نەویستنی ئەو هێزەیە، بەڵام هێشتا ناتوانێت دەستبەرداری ناوە فەخرییەکەی ببێت کە (دەروێش)و لەهەمانکاتدا دەروێشی ئەو شێخەیە کە پەیامەکەی ئاراستە دەکات (دەروێشەکەت) چەندە گازندەی هەیە هێندەش تەمەنایە بۆ بەدەنگەوەهاتن، تاکو سروشێك ڕووبداتو نەیەڵێت دەسبەرداری تەوبەکەی ببێت.

خەبەربەرن بۆ شێخم تەوبەکەیم ناردەوە

گیروگرفتی ناخم دیسانەوە شاردەوە

پەنابردنە بەر گۆشەگیریو ئیدی نەدرکاندنی رازی بۆ شێخی لەم بەیتەدا دەردەکەوێت، ئەمە لە کاتێکدا کە بەدەم دەڵێ، بەڵام بەشیعر هەر لە سەرەتاوە تا دوا دێڕ درکاندنی رازی دڵی خۆیەتی بۆ شێخی یان شێخ وەك چاوێکی بەئاگا دەبینێ کە ئاگای لە دەردوداویەتی، ئەگەر لە دووریشەوە بێت، بۆیە دێتە ڕاستەوخۆ بانگکردنو دواندنی.

ئەی شێخەکەم کوا (کەژاڵ) وام لە دەرگای پیریا

خۆزگە عومریش ئەکەوت لەگەڵ دانی شیریا

چڕکردنەوە مەبەستی لە گلەییو گازندە لەم بەیتەدا خۆی دەبینێتەوەو داواکارییەکەی کە لە بەیتەکانی سەرەتادا بەپەنهانی باسدەکرد، ئاشکرا دەکاتو تەمەننای گۆڕینی مەقامی دەکات لە تەوبەوە تا بڕینی پلەکانی دی بۆ گەیشتن بە (کەمال)کە خۆی بەکەژاڵی ناو دەبات، کەماڵیش بەومانایەی کە گەشتۆتە کۆتایی خۆی بەوەی کە پێویستییەکانی کۆتایی پێهاتوە[13] و لە ڕێگای ئەو وشەوە دوو مەبەست دەپێکێت، مەبەستی مەقامو پرسینی کەژاڵی کچی کە وەك وێنە کۆمەڵایەتییەکە باسی دەکات کە باری (جەرگی پیری سوتان)ە.

دواتر خۆی ناگرێ وەك ئەوەی باسی ناردنەوەی تەوبەکەی بیرچووبێتەوە، پەیمانی هەڵوەشاوەی نە (من) دەروێشی نە (تۆ) شێخی لەیادکردبێت، وەك پەنابەرێکی ماندوو پەنا دەباتە بەر شێخیو ڕاستەو ڕاست چەواشەبوونی خۆی ئاشکرادەکاتو ڕازی تەوبەکەی ئاشکرا دەکاتو نائومێدانە لە تاڵاو و چێژی خەمی ژینیو وەك سیزیف لە کۆڵکێشانی بێهودەدا تا مەرگ دەگەوزێت.

لە زۆر لە فەترە زەمەنەکانی تەمەنیدا لەپاڵ چونەنێو حیزبو هاوتایی لەگەڵ بیری چەپدا دەلاقەیەکی ئاوەڵای هەیە بەرووی دەروێشی نێو دڵو دەروونیدا، بەتایبەت لە کۆتایی هەشتاو نەوەدو کۆتایی تەمەنیدا، لەم ماوانەی دواییدا وەك پیرێکی ژیان ئەزموونکردوو بەگشت واتایەکییەوە زاری شیعری ویردی دەروێشانە دەچڕێتو زەینی ڕوون دەبێت، وێنە پڕ لە حیکمەتەکانی عیرفانی بەبیر دێتەوەو لە شیعرەکانیدا دەیانکاتە پەیام. لە شیعری (تانو پۆ)دا ل446ب1، بەسەرهاتەکەی حەلاج دەگێڕێتەوە کە شبلی گوڵێکی تێدەگرێت، پێدەچێت شیعر بکاتە پەیامێکو بیەوێت ئاراستەی کەسێکی بکات.

شاعیر لە سۆفییزمدا دەگاتە لوتکەی بیروباوەڕی خۆیو لە شیعری (عیشقی یەزدانی) ل332 ب2 وەك (خواجە عەبدوڵڵای ئەنساری) دەکەوێتە موناجاتو حاڵی خۆی دەکاتو میهری بێ پایانی یەزدان ئاوێتەدەکاتو خۆی بە دەروێشێك نیشاندەدات کە ترسی لە خودانیەو لە خەوفورەجا گوزەراوەو ئێستا لە عەشقی خودی خودادایەو مەستو سەرسامیبوونی خودایە، دڵشادانە وەك ئەوەی لە دڵیا پەی بە وجودی خوا بردبێتو هەموو بوونی گرتبێتەوە بەکرداری (نەشکامەوە، بووژامەوە، هەڵسامەوە، قەرزێبوو دامەوە..) هاوسەنگی لەنێوان عیشقو عاشق نیشاندەدات.

شیعری (زیکر) ل445 ب1، یەکێکە لە جوانترینو بەجۆشترین شیعری شاعیر، لە کۆبەرهەمەکانی بەگشتیو شیعرە عیرفانییەکانی بەتایبەت، باسی کەشێکی ڕۆحی دەکات کە هەڵقەی زیکرەو دەروێشان لە شێوەی بازنەیەکدا گرددەبنەوە، یەك لە تەنیشت یەکەوە دەبنە زنجیرەیەکی خڕ بۆ سازکردنی کۆڕی زیکر. زیکر لە وەها

فەزایەکا بەهۆی ترپەو ئیقاعی دەفو تەپڵو شمشاڵو لە هەندێ حاڵدا سازو سێتار، سازدەکرێتو لە بەرامبەر ئەویشدا دەروێشەکان بەهۆی شەپۆلە دەنگو ئاوازانەوە کە ئاوازی تایبەتی عیرفانییە بەرەو کرانەوەی دەروون دەچنو دەبێتە هۆی کردنەوەی زارو دەربرینی پەیڤو هۆنراوەو موناجاتی شیرین. ئەم موناجاتو وشە نهێنیو دەروونییانەی کە دەروێشی نێو کۆڕو زیکرو بەرەو حاڵ چوو دەیڵێتو دەبێتە هارمۆنیایەکی گونجاو لەگەڵ زایەڵەو سەدای دەفەکەدا، دەروێش بەرەو تێکەڵبوونی بارێکی ژوور سروشتیو جیا لە سروشتی ئاسایی خۆی دەباتو دەچێتە فەزایەکی عەقڵیو دەروونیی وەهاوە کە خۆی تێدا وندەکات[14]، لەم بارەدا کەسی حاڵگرتوو بە پێی جۆری پلەی حاڵەکەی هەموو پەیوەندییەك دەپچڕێنێت لەگەڵ جیهانی مادیو ئەوەی دەیبیستێت سەداو دەنگی دەفو زایەڵەی زیکرە بەرەو سەماو جوڵەی ئاماژەداری ڕاکێش دەکات.

ئەو زیکرەی شاعیر لێرەدا باسی دەکات، زیکرێکە بەجەهر ناوی دەبات، تاوەکو پێمان بڵێت پڕ لە دەنگو هەرای بەرزی عیشقەو دەرفەتێکە بۆ ڕاگەیاندنی مانیفێستی حاڵەتێکی ڕۆحیی عیرفانی لە شەوێکدا کە سۆزی عیشق زۆری بۆ هێناونو کۆڕو بەزمیان پێ سازدەکات، شاعیر داوای بەدەنگەوەهاتنی نەیژەنو دەفژەن دەکات بۆ گەرمکردنی کۆڕی زیکریان لەپێناو مەستکردنو حاڵلێهێنان بۆ جێهێشتنی جەستەو ڕۆشتنی ڕۆح بۆ بەرزەخ.

دەفژەن ئادەی کوانێ ڕەزمت
نەیجەی دونیا ببنە شمشاڵ
کۆڕی ئەمشەومان گەرمکەن
هەتا دەگەینە حاڵی حاڵ ل 446 ب 1

کۆڕی زیکر گەرمدەبێت بەئاوازو پەیڤو سەماو مەستی باڵدەکێشێ، هۆش ئاگاییو جەستە کۆنترۆڵ لەدەستدەدات و شاعیر وەك حاڵلێهاتوویەك ئەدوێت بەدەم خواستنی مەیەوە (کە سیمبولی بەرەکەتو تەجەلایە) باسی قۆناغی ئێستای ناو زیکرو (ئایندە)ی پاش زیکر دەکات، کە یاد هۆکار دەبێت بۆ پاککردنەوەی ناخ لەهەموو ژەنگو گەردێکی گوناه، چونکە هەرچی عیشقو زیکر هەیە پەیوەستە بە دڵەوە، هەرچیش دەروێش دەیکات کە بە (ئەهلی دڵ) ناو دەبرێن هەر لە پێناو دڵدایە.

حەیو مەیمان هەر بۆ دڵە
هەموو گەردێ دەشۆینەوە

حی الله بێشومارەکانی دەروێشو مەی عیشقی ئیلاهیش خواستی دڵە نەك هۆش، پەیامناردن لە پێناو بەرزڕاگرتنی دڵو بێبایەخکردنی هۆش (ساقیو مەی) شێخو ناردنی هێزی بزوێنەر کە دەبێتە هۆی تاوسەندنی دڵ لە تەکیەدا (مەیخانەئاسا) ئاستێکی ڕۆحی دەنوێنێو شاعیرو موریدەکان خۆیان بەتینوی تەجەلا دەزانن کە بچوکترین ئاماژەی موراد (نەزەر) جادوئاسا دەبێتە ئاوەدانکردنەوەی وێرانەی دڵیان، دەبێت ڕەچاوی ئەو خاڵە بکرێت کە مورید ئەهلی دڵو هەستەکانەو سەروکاری لەگەڵ سۆزی ناسكو وێنای ئیستاتیکیدایە، لەبەر ئەوە ڕوونو ئاشکرایە تا چ ڕادەیەك بەبیستنی ئاوازی خۆشو نەغمەی دڵکەش چێژ وەردەگرێت، بەواتایەکی تر لەبەر ئەوەی موریدو دەروێش گەمارۆدراوی هەستو سۆزنو هەستی جوانناسیو خۆشویستنی جوانییان تێدا جێگربووەو چەسپاوەو لە جیهانی هەستەوە بەرەو جیهانی مانا هەنگاویان ناوە، بچوکترینو کەمترین جوانیی ڕەنگەکانو هاوسەنگیی شێوەکانو هارمۆنیی ئاوازەکان، ئەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ڕووبەرێکی فراوان لە جیهانی ماناکانو وەرگرتنی بڕێکی زۆری چێژ، لەهەمانکاتدا بەهۆی پەیوەستبوونی جەستە بە سۆزو کارلێکی ناوەوە، مورید دەست دەکات بە دەست ڕاوەشاندنو پێ کوتان[15]و سەرەنجام بەهۆی ئەم حاڵی تاکانەوە سەرجەم تاکەکان وەك یەکەیەکی یەکگرتوو هەست بەبوونی خۆیان دەکەن لە جیهانێکی وێنانەکراوی نورینداا.

ماوەتەوە بڵێین حەسیب لەم شیعرەیدا وێنەی کۆڕێکی زیکر نیشاندەدات کە هەمووان لە حاڵدانو پەیوەندییە دوو جەمسەرەکان پتەو دەبن تێیدا و تەجەلای نوری یەزدان هەڵدێتو ناخو چاو دەبنە دوو جەمسەر بۆ پێکهێنانی عیشقێکی بالادەست، چاو رۆڵی کەناڵی گەیاندن دەگەیەنێتو ناخ ئەرکی پەروەردەکردنی.

پەراوێزو سەرچاوەکان:

1.حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم، بەرگی یەکەم، ل8.

2.تابان ئەسعەد حەمەساڵح، دیاردەی غەم لە شیعری حەسیب قەرەداغی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی 2001.

3.شاهۆ سەعید، پرسیاری شاعیر پرسیاری سۆفی، گەلاوێژی نوێ، ژمارە 17/18، 2000.

4.خواجة حافظی شیرازی، دیوان، انتشارات گنجینە، چاپ دهم 1380، ل122.

5.دکتر قاسم غنی، تاریخ تصوف در اسلام، جلد 2/3، انتشارات زوار، چاپ دهم 1386، ل 563.

6.د.سید یحی یثربی، فلسفه عرفان، مرکز انتشارات، چاپ چهارم 1377، ل384.

7.قورئانی پیرۆز، سورەتی العراف، ئایەتی 172.

8.عەلی فەتاح دزەیی، لێکدانەوەی بیروباوەڕی خانی، گۆڤاری کاروان، ژمارە 64، ساڵی 1986.

9.محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانی وەفایی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغداد 1978، ل 100.

10.حەسیب قەرەداغی، چەردەیەك لە خەرمانی سۆفێتی ئیسلامی، گۆڤاری کاروان ژ.18 ساڵی دووەمی 1984.

11.هەر ئەو سەرچاوەیە.

12.مەلاعبدالکریمی مدرس، دیوانی مەحوی، انتشارات کردستان، چاپی دووەم 1384، ل291.

13.عیرفان مستەفا، پرۆسەی تەئویل، گۆڤاری بیاڤ، ژ16.

14.نەجات حەمید ئەحمەد، حاڵگرتنو شێوەکانی، گۆڤاری بیاڤ ژ16.

15.د.سید یحی یپربی، فلسفه عرفان، ل 284.